**"مامبز"**

مامەند جەهانمیهەن

چەند ڕۆژ بوو لەگەڵ کاروانێکی دوور و درێژ، بە ڕێگای ڕژد و هەڵەت و هەوراز و لێژ دا بەڕێوە بووین، ئەم ئێوارەیە چەند سەر یەکسمیان لە ئاواییەکان بەکرێ گرتبوو و ئەوکەسانەیان سوار کردبوو کە لە پێ کەوتبوون.

من دەستم توند بە ئاتەگی باڵتۆی باوکمەوە گرتبوو و، دایکم بە سواری گوێدرێژێکی لاواز و کز کە دووانەی برا چووکە بزۆزەکانمی لەمبەر ئەوبەری تێرکە خستبوو،لە پێش ئیمەوە بەڕێوە بوو.

چی بووە؟ بەرەو کوێ دەچین؟ چی ڕووی داوە؟

گەورەکان وڵامیان دەداوە کە گۆیا شۆڕش شکاوە و، دەبێ هەرچی زووتر لە سنوور ئاودیو بین. ئێمەی منداڵ نەماندەزانی و بۆمان لێک نەدەدراوە و گەوەکانمان بۆ لەسەر یەک نەدەخراوە و، سەرەدەرمان لێدەرنەدەکرد.

مامی گەورەم کە بەرپرسێکی دیاری شۆڕش بوو، دەمێک بوو لەو ناوە نەمابوو و، ماڵ و مندالی ڕاگوێزتبوو و، پەرپوەی ئەو دیوی سنوور ببوو.

بەدرێژایی ڕێگا و بۆ هەر لایەک لامان دەدا، بە چنگ هەموو پنچک و پەل و دەوەنێک دا، سەدان بەرموور و ملوانکە و پاوانە و دەسرەی هەوری دەدیترا کە با دەیشەکاندن و بێخاوەن کەوتبوون و هێند بێ سەنگ بوون کەس سووکە ئاوڕێکی لێیان نەدەدا.

بەڵام نیشتمان بۆ دڵدانەوە و گێڕانەوەی کەژاوەی کاروان، هەمووی لە سینگ و بەرۆک و پا و پووزی خۆی دابوو، هەموو دڕک و داڵ وکۆتەرە دارێکی پێ ڕازاندبوو، وای خۆ لەگوڵ دابوو کە هەرگیز کەس نیشتمانی خۆمانی ئاوا شۆخ و شەنگ و جوان نەبینیوو.

لە کەژێک وەسەر کەوتین، کوتیان زۆرمان نەماوە و ئەگەر تۆزێک پێهەڵگرین، ئاوەژووی ئەو دیوی سنوور دەبین، لە ملانەی کەژەکە چەند کەس لە دەوری ئاگر وێستابوون، کە چاویان بە ئێمە کەوت زۆر بەگرژی بەرەوڕوومان هاتن، دەستی منیان لە دەستی باوکم هەستاند و بە پاڵە و پەستۆدان بردیان.

خاڵم هەموویانی دەناسی و، زۆر پاڕایەوە و کەوتە نێوان، دایکم کەوتە شین و گریان و دەست و پل ڕامووسان. بەڵام هیچ ئاکامی نەبوو و کەس گوێی پێنەداین و، بە ناچاری بەرەو شیوەکە داگەڕاین.

ئەو پیاوانە هەر ئەوانە بوون کە هەموو ماڵوێرانی و شکست و شکانی شۆڕشیان لە چاوی ئەم بەرپرسانە دەزانی و، بە تاسەوە لە بۆسەدا بۆیان دانیشتبوون کە نەهێڵین بە ئاسانی ئاودیوی سنوور بن و بۆی دەرچن.

هەر چەند باوکم هیچ پلە و پایەیەکی نەبوو و، تەنیا لە هێزی بەرگریدا بوو، بەڵام بە تۆڵەی مامم کە بەرپرسی ئەو مەڵبەندە بوو و تازە لە دەستیان دەرچووبوو، بابمیان گرتبوو.

چۆماوێکی خوڕین و شلوێ، لە قووڵایی شیوەکەدا و لە کلکەی دێ، پێشی گرتین، شوێنەواری پردێک دیار بوو کە سێڵاوی بارانەی پەڵە بردبووی و تەنیا ئاڵوودارێکی بە سەرەوە مابوو. هەر جۆرێک بوو لە چەمەکە پەڕینەوە و بەرەو هەورازێکی کووڕ ملی بزنە ڕێیەکمان گرت.

دووراودوور دەنگی چەند تەقە و دەسرێژ هات، گوێچکە سڕ و تەزیوەکانم دەنگی ئەو فیشەکانەی ناسێوە، من هەناوم گری گرت و، هەستم بە گەرمی ئەم ڕێژنە گوللەیە کرد کە جەستەی لەڕ و ماندوو و سەرمابردووی بابمی تەنێوە.

لە ملانەکە ئاوابووین و بەسەر ئاپۆڕەی خەڵک دا کەوتین کە لە چاوەڕوانیی ماشێنە سەربازییەکاندا، بۆ تێپەڕین لە سنوور لێکهاڵابوون.هەر چەند ساماڵ بوو بەڵام لەناکاو هەور گرماندی و نەرمەبارانێک هەڵی کرد و تەڕی کردین، وا دیار بوو نیشتمان بۆ ئەم

کۆچەمان سەری سوڕ مابوو و، بە ناچار دوامین ئاخی هەڵکێشا و فرمێسکی بەدوادا هەڵوەراندین.

هەر ئەو شەوە درەنگ، لە ئۆردووگای "ڕەبەت"ی ناوچەی سەردەشت لە گەڵ ماڵە مام و ئامۆزاکان یەکانگیر بووینەوە، بەڵام زۆر زوو پێیان ڕاگەیاندین کە دەبێ ساز بین و بۆ ڕێگایەکی دوور ئامادە بین.

چەند ڕۆژ دواتر، سەرلە نوێ سواریان کردین و وەڕێکەوتین،دوو شەو و ڕۆژ، لە هێندێک جێگا نەبا لایان دەدا و نان و چایی یەکی سەرپێی دەخورا، ئەگینا هەر بەڕێوە بووین.

ئێوارەیەکی درەنگان، بەدەم شڵێوە و باران، لە شارۆچکەیەک وەستاین، ئێمە لەگەڵ ماڵی مام و ئامۆزاکان، لە مەدرەسەیەکی چۆڵ کراین کە چوار دەوری دڵۆپەی دەکرد. ئەو شەوەمان هەر جۆرێک بوو گوزەراند. بۆ بەیانی لەگەڵ خاڵم بۆ کرینی کەل و پەلی ناو ماڵ وەدەرکەوتین.

خاڵم سەری سوڕمابوو و تێنەدەگەیشت، لە هەموو دەرک بان و بازار و دووکان، خەڵک وەک ئێمە بە کوردی دەدوان، کە لێیانی دەپرسی: ئێوە لە کوێوە هاتوون؟ وڵامیان دەداوە کە ئێمە لە هیچ کوێوە نەهاتووین و هەر لێرە بووین، گۆیا باپیرانمان ڕۆژگارێک لە شوێنی خۆیان هەڵکەندوون و بۆ ئێرەیان هاوردوون.

-ئێرە کوێیە؟

-ئێرە "اسفراین"ە

ئێمە زۆر دڵخۆش بووین لەوەی لانیکەم کە ئاوا لە نیشتمان دوور کەوتووین، لە شوێنێک جێگیر بووین کە هاوزمانی خۆمانن.

ئیتر هاتوچۆمان لە گەڵیان دەستی پێکرد، خاڵم دەیکوت: دوای ئەو هەموو ساڵە دابڕان لە نیشتمان، هەر وەک خۆمان کورد ماون بەڵام لە ترسی ئەو هەموو سەگ و گورگەی دەورووبەریان لە دین وەرگەڕاون و بوون بە شیعە!

ڕۆژێک خاڵم بە پەرێشانی هاتەوە و کوتی: دەڵێن ساڵ بووە لێرە بەر و بۆ نەبووە و باجی دەوڵەتیان بۆ جێبەجی نەبووە، دەوڵەت کچۆڵەکانیانی هەستاندووە و بە تورکمەنی ئەو دیوی سنووری فرۆشتووە و وەبەر باجی ئەم ساڵەیان خستووە.

هەر چەند پیرەکان دەیانکوت کە ئەوە بەبیری کەس نەبووە و، لە دەورانی پێشوودا ڕوویداوە، بەڵام ئێمە بەجارێک ترسمان ڕێنیشتبوو.

هەموو ساڵێک یەکدوو جار، دەستێک کۆلکەمەلا لە "سبزوار"وە دەهات و، لەگەڵ تاقمێک لات و شەلات خەڵکیان تین و هان دەدا و، کەش و هەوای ئەو ناوەیان دەشێواند، دیارە لەم شارە چەند بنەماڵەیەک هەبوون کە لە گۆمی  لێڵ و لیخنی ئاییندا خنکابوون و نوقم ببوون.

ئێمە بۆ ئەوەی تێنەکەوین، دەمانهەویست ناوەڕاستی داردەستەکە بگرین و لە گەڵ هەموو لایەک ڕێک کەوین و لە گیرەو کێشە دوور کەوین. بەڵام بەوەشەوە کە سەروبەندی "محرم" دەهات هاوسەنگی لاسەنگ دەبوو و بۆ ڕاستکردنەوەی پارسەنگی سەنگینی دەویست.

زۆری پێنەچوو ناومان بۆ خوێندن دەرچوو، دووانەی براکانم جارێ چووک بوون، بەڵام لە گەڵ مندالی ئامۆزاکەم دەستمان بە خوێندن کرد، زۆر هۆگریان ببووم و زۆر شەو هەر لە ماڵیان دەخەوتم.

سال کە سووڕایەوە و  بەهار تێپەر بوو، ژنی ئامۆزاکەم بەسەر مندالەوە چوو، ئیتر سەر لە نوێ شەپۆڕ و شین لە ماڵمان بەربوو.

چەند مانگێکی زیاتر نەبرد مامم منی بۆ ئامۆزای ژن مردوو دەست نیشان کرد و مارە کرد، دایکم ملی نەدەدا و لەتاوان خەریک بوو لە کەژ و کێوی دەدا، هەر ئەو داخە بوو پۆنگی خواردەوە و وەبنی دا و، نەخۆشی پێوە نووسا و، تا سەری نەنایەوە بەری نەدا.

زۆر بچووک بووم، یەستا بەژنم هەلنەچووبوو، وەک خونچەی گوڵی دارهەنار، لە سەرەتای مانگی بەهار نەپشکووتبووم.

دەستێک ژەنیار و خۆوێژیان هێنابوو، بەڵام لە چاوی من هەموو دەنگ و ڕەنگی ئەو ناوە گۆڕابوو.

که گەڕی شایی گەڕا، چاوم لێبوو کەمانچە کەزیە و ئەگریجەی خۆی دەکێشا، دەفە بە هەناسەبڕکە سەر و گوێی خۆی دەکوتا، دەهۆڵ بە هەر دوو دەستان بە چەپۆکان بە سەری خۆی دادەدا، نایە نووزەی لێبڕابوو، تار لەو ناوە تارابوو، دەنگبێژ دەنگی نووساوی لە ئەوکیدا گیرابوو و، چاوەکانی نمی تێزابوو، زاوای پسمام لە تەنیشتم دانیشتبوو و پێدەکەنی، بەڵام لەو ناوەدا کەس ئاوەچۆڕەی فرمێسکی منی لە ژێر ئەم تارا تەنک و سوورەدا نەدەدیت.

ڕێک ئەو ڕۆژەی بووم بە پازدە ساڵ، بووم بە دایکی پێنج منداڵ، دووی خۆم و سێی ئامۆزام.

زۆری پێنەچوو پەڵپیان پێگرتم و بە بیانووی ئەوەی ئەرکم لەسەر سووک دەکەن و، ناتوانم منداڵەکان بەخاوەن کەم، ژنێکی تریان بۆ خواست. ئەو چارەڕەشەش هەرکەسی خۆمان بوو و، مێردەکەی لە شەڕ دا کوژرابوو.

ڕۆژێک لێرە و یەک لەوێ، ئەمجار سەر بەهەوێ، ڕۆژگارمان تێپەڕاند تا کلکەی دەسەلاتی شا هات و ئێمە بەرەو "کرج" ڕاگوێزراین.

ئەو ساڵە شۆڕش چەند دەستەی چەکداری هەڵبژارد و بۆ دیوی کوردستانی عێراقی نارد، مێردەکەی منێش یەکێک لەو کەسانە بوو. دوای سێ مانگ کە گەڕانەوە، ماڵە و ماڵ دەیانگێڕان، هەواڵی زێد و گوند و نیشتمانیان دەگێڕایەوە، پیرەکان بە پیریانەوە دەچوون و بۆنیان پێوە دەکردن و دەگریان.

هەواڵی گۆڕی بابم لێپرسی کە لە کوی نێژراوە، ولامی داوە کە ئێمە ڕیگامان لەو ناوە نەکەوتووە، بەڵام کەس و کار و دراوسێ هەر لەوێ ناشتوویانەوە و کێل و بەردیشیان بۆ کردووە.

جاری دووهەم کە نێردرایەوە، ئیتر هەرگیز نەگەڕاوە، یەک دەیکوت لێمان هەڵبڕاوە و، یەک دەیکوت گیراوە و،ئەوی تر دەیکوت لە ئاوی زێی مەزندا خنکاوە.

ئیتر دوای ئەوە هەوێ سەرلەنوێ گەڕایەوە ماڵی باوان و من و منداڵەکان بە تەنیا بەجێماین.

دۆست و دراوسێ یاریدەیان دام و لە کارگەی گوڵدۆزی و چنین و ڕستندا دامەزرام، ئیتر تا گەڕانەوەم بۆ نیشتمان بەردەوام بووم.

بەدرێژایی ساڵیانی ساڵ، جیا لە کار لە کارگە و ئەرکی ماڵ و منداڵ، پێڕاگەیشتن و تەر و ویشک کردنی برینداەکانی بەرەی شەڕ کە ئەوکات لە ماڵەکان چاوەدێری دەکران، وەک ئەرکی نیشتمان لە سەر شانم بوو.

لەمێژ بوو بارگە و بنەمان بەستبوو، بەڵام بۆ گەڕانەوە هەر جارێ قۆرتێک دەهاتە سەر ڕێ و هەر دەمەی لەمپەڕێک بەری دەگرتین.

سوورەی گەرمای مانگی پووشپەڕ، دوای بڕینی ڕێگایەکی دوور، بە ڕووکاری سنووری باشوور داکەوتین، لامان وابوو فەرشی سووریان کردووەتە پایەنداز و بۆ ڕاخستووین، کەچی زۆر بە مڕچ و مۆنی، بەبێ سڵاو و چاک و چۆنی، هەمووکەل و پەلیان لێ سەروبن کردین و دەیانکوت: ئەگەر سەر بە ئێمە بان و بە سنووری ئەو بەر دا تێپەڕیبان، وەک دیلی شەڕ هەڵس وکەوتیان لە گەڵ دەکردن.

ئەو ڕۆژانە گەرمەی شەڕی خێڵە سیاسییەکان بوو کە هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم نیشتمانەی داگرتبوو.

یەکەم شەوم لە نیشتمان خەونم بە باوکمەوە بینی، کەس و کار کوتیان دەبێ پەلە بکەی و زوو خێری بۆ بکەی و بکەویتە شوێنی و گۆڕەکەی ببینێوە.

لەگەڵ خاڵۆزایەکم وەدوای کەوتین و شوێنەکەمان دۆزێوە، بەڵام بێجگە لە چاڵاییەک لە لێواری ڕێگاک، هیچ ئاسەواری تر نەبوو،گۆیا شوێنەکەی خیزەڵان بووە و باران و سێڵاوی بەهار لەم ساڵانەی دواییدا شوردبوویەوە و ئەوەی مابوو لەگەڵ خۆی بردبووی .

بەناهومێدی بەرەو ملانەکە کە ماشێنەکەمان لێ ڕاگرتبوو گەڕاینەوە، لەپڕ تەزوویەک دەستی بزاوتم و گوێی کپ کردم، شوینەکەم ناسێوە و زانیم کە من ئێستا لەو ملانەیە بووم کە دوامین جار ئاتەگی باڵتۆی باوکم گرتبوو.

چەند ڕۆژ دواتر بۆ سەردانی گوند خۆمان ساز کرد، بەدرێژایی ڕێگا بەبێدەنگی و ئارامی لەمبەرئەوبەری ڕێگام دەڕوانی، لەپڕ لووتکەی کەژ و ڕەوەز و، ئاوی زێم لێ وەدەرکەوت و، هەموو گیانم وەلەرزە کەوت، هەموو شت گۆڕابوو، کێوەکان نزم ببوون و وەک جاران بەرز

نەمابوون، ئاوی ڕۆبار کەم ببوو و بواری گۆڕابوو و بەلایەکی تردا ملی پێوەنابوو.

پیرێژنێکی کووڕی کوێر لەژێر سێبەری ئەستووری لادیوارێکدا هەڵکورمابوو، وادیار بوو دەنگی ئێمەی بیستبوو و بە دەستەکوتە بەرەولای ئێمە بەڕێوە بوو، ئەوە "مەتێ ڕیحان" تەنیا کەسی خۆمان بوو کە لە گوند بەجێ مابوو، گۆیا ڕۆژگاریک یەکە شۆڕەژنی جوان و لەبەردڵان ئەو ناوە بووە.

جۆگە و گۆل و ئاو و دەراوی بەرماڵان کە ڕۆژگارێک لە ژێر تریفەی مانگەشەودا وێنەی هەزاران دارهەنار و سپیداری سەرەوبنم تێدا دیبوو، چۆڕاپی داهاتبوو و ویشک ببوو، ماڵەکەمان بانی پێوە نەمابوو، دیوارەکان بە ئاوەچۆڕەی باران دەمیان داچەقاندبوو و، دەتکوت دیانهەوێت قەپم لێبگرن و قووتم بدەن. ئیتر لەوە زیاتر خۆم بۆ نەگیرا و تا هێزم تێدا بوو زریکاندم و لەبانگم دا و بە دڵێکی بریندار، بەرەو شار گەڕامەوە.

دوای ماوەیەک لەسەر خواستی خۆم و ڕێنوێنی شارەدار بەڵێنیان پێدام کارگەی فێرکردنی چنین و گوڵدۆزی و درووومان بۆ ژنان بکەمەوە، بەڵام زۆر کەم ژن دەیانوێرا و ڕێگەدەدران بەشداری بکەن و خۆمان لێدەن، دەیانکوت ئەوانەی لە ئێران گەڕاونەوە بە دابی  باوی ئێرانی ڕاهاتوون و، پەروەردە بوون و، هەمووی سووک و چرووکن.

ئیتر زانیم لە نیشتمان هیچ جێگەیەک نییە بۆمان و،بارگەی کۆچم سەرلەنوێ پێچایەوە و بەرەو چارەنووسێکی نادیار وەڕێکەوتم.

ئەی نیشتمان! تۆ بۆ لاواندنەوەی پۆلێک سمۆرەی کوڵکنی جوان، جەرگی هەزاران داربەڕووی ئەم خاکەت کۆڵی و هڵۆڵ کرد و بۆت کردنە ماڵ.

ئەی نیشتمان! تۆ بۆ گلدانەوەی گورگێکی زیانەخروێ و هار، کوڵەباڵ و کەپەنکت بۆ بەدیاری نارد و،کردت بە شوان.

بەڵام بۆ منی هەڵوەدا و سەوداسەری نیشتمان، کونجێک نەبوو بیکەم بە ماڵ و تێدا ئارام بگرم.

#مامبز= مامز، ئاسک، ناو بۆ کچان

##اسفراین: یەکێک لە شارەکوردنشینەکانی خراسان

###سبزوار ، قم و کاشان سی ناوەندی سەرەکی شیعەن

####مەتێ= پوور، خوشکی باوک.

#.وێنە: شاری اسفراین